Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

https://doi.org/10.24271/garmian.1009

# دروستەی ناوی کرداریی و کرداری شکاوە

**محەمەد عەبدولفەتاح سەعید (مەحویی) [1] ، ئاریان صدیق عەزیز [2]**

1 زانکۆی سلێمانیی، کۆلێژی زمان

2 زانکۆی هەڵەبجە

***Article Info***

Received: January, 2019
Revised:February,2019
Accepted:April,2019

***Keywords***

فەرهەنگ، سینتاکس، دروستە، پۆلەرِەگەزەکانی شکاندنەوەی کردار، سەگمێنت، کرداری ئاڵۆز .

***Corresponding Author***

Muhamed.saeed@univsul.edu.iq

**پوختە**

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە نامەی دکتۆرای لێکۆڵەرەوە بە ناونیشانی "ناوی کرداریی، کرداری شکاوە و کرداری ئاڵۆز "ەوە وەرگیراوە. کاری سەرەکیی ئەم لێکۆڵینەوەیە بۆ بەرهەمهێنانی کرداری شکاوە لەسینتاکسدا تەرخانکراوە، نەك بۆ شیکردنەوەی ناوی کرداریی و چۆنێتیی دروستبونی لەفەرهەنگدا. ناوە کرداریە چەسپاوە تۆمارکراوەکەی ناو فەرهەنگ بەسەگمێنتە مۆرفۆلۆژیی و فۆنۆلۆژییەکانیەوە وەك تێکردە بۆ بەرهەمهێنانی کرداری شکاوە لەسینتاکسدا وەردەگیرێن. لەم رووەوەیە، کە ئەم نامەیە تەواو لە لێکۆڵینەوەو نامەکانی تر لەسەر کردار جیاوازە. ئەم بۆچوونە، کە لە محەمەد مەحویی (٢٠١٦)ەوە وەرگیراوە، پێواژۆ فۆنۆلۆژییەکانی، کە بە سەر رەگ و قەدی کردارەکاندا دێن، بە سروشتی و بەباشی روندەکاتەوە. بۆ ئەو مەبەستەیش پشتم بە رێبازی شیکردنەوەی پەسنکەرانە بەستووە.

لێکۆڵینەوەکە لە سێ بەش و پوختەو ئەنجام پێکهاتووە: بەشی یەکەم تایبەتە بە فەرهەنگ و دەروازەی زانیاریی. بەشی دوهەم تایبەتە بە سەگمێنتەکانی کرداری شکاوەو کرداری ئاڵۆز. بەشی سێهەم تایبەتە بە شکاندنەوەی تاقی رابوردوو و رانەبوردوو. بەشی چوارەم تایبەتە بە روکار و رێژە. شیکردنەوەکان تەنها کرداری بکەردیار دەگرنەخۆ.

**پێشەکی**

**بەشی یەکەم: فەرهەنگ**

**١/١) پۆلەرِەگەزە فەرهەنگیەکان**

زانیاریە سینتاکسیی و واتاییەکانی وشەکان لە فەرهەنگدا تۆمارکراون، ئەوەیش دەستەبەری ئەوە دەکات، کە ئاخێوەری گشت زمانێك، دروستە دروست و واتاراست و پێچەوانەکەی بناسێتەوە. نواندنی زانیاریە سینتاکسییەکانی ناو توخمە فەرهەنگیەکان لە دوو دیوی فەرهەنگیی و سینتاکسییدا بەرجەستە دەکرێن. ئەمەش دەریدەبرێت، کە ئەو رێزبونەی، لە فەرهەنگدا دەستدەکەوێت، مەرج نییە پەیکاڵی هەمان ئەو سەرەوڕیزبوونە بێت، کە لە سینتاکسدا بەرچاودەکەوێت، چونکە یاساکانی فۆرمدارِشتن (rules formation) نواندنی دەرەکیی زانیاریە سینتاکسیەکانن. سینتاکس دەرخستن و نواندنی زانیاریە فەرهەنگیەکانە.[1]

**١/١-١)ناوی کرداریی وەک پۆلە رەگەزێکی فەرهەنگیی (دەروازەی زانیاریی)**

"ناوی کرداریی"، ئەو ناوەیە کە لە ئاوەڵناوی کرداریەوە هەڵدەگوێزرێت و لە نەبونی دۆخی رێزمانیدا جێگەی چاوگ دەگرێتەوە. ناوە کرداریەکە بە بێ کەس unpersonal

[1] -(د. عەبدولجەبارمستەفا مەعروف: ٢٠١٣) و ئەو سەرچاوانەی لێوەی وەرگیراون.)

بەکاردەهێنرێت و ناوی ڕەوتی کردەکە دەهێنێت و ئاماژەپێدەدات.[2]

لەزمانی کوردییدا، هەم ئاوەڵناوی کرداری و هەم ناوە کردارییەکە پەیکاڵی پێکهاتوی خستنەپاڵیین و لە فۆڕمی فرێزی پێشناوییدا ئاوەڵناویی بەکاردەهێنرێن، کە لەڕێ ڕونکردنەوەکانی /پیاوکوشتن/ و /نانخواردن/ و پێکهاتوە خستنەپاڵیەکانی >چاوی جوان، کوڕی پاشا< هوە پشتگیریی تەواوی ئەنجامە دەستکەوتووەکە دەکرێن، کە دەڵێت چاوگ لە زمانی کوردیدا نییە، بەڵکو تەنیا ناوی کرداری هەن – ئەو کردارەی، کە کراوە، یان دەکرێت بە ناو. (محەمەدی مەحویی: 2009: 256)

ناوی کرداری لە فەرهەنگدا تۆمارکراوەو پێواژۆی شکاندنەوەی لە سینتاکسدا ڕوودەدات. کردار دروستکردن نییە لە فەرهەنگدا، بەڵکو ئەوەی هەیە ناوی کردارییە، بەم جۆرە بەرهەمهێنانی کرداری شکاوە لە ناو سینتاکسدا هەیە؛ بۆ ئەو مەبەستەش دوو ڕێگە هەیە:

١-/نوستن/ قەدی ڕابوردوو: /نوست، گرت، خوارد،کوشت/ سینتاکس بۆ بەرهەمهێنانی کردارێکی

٢-/گرتن/ ڕابوردوو: نوستØ : گرتی، خواردی، کوشتی

٣-/خواردن/

٤-/کوشتن/ قەدی ڕانەبوردوو: پێشگری ڕانەبوردوو + /نوس، گر، خوار، کوش/ سینتاکس بۆ بەرهەمهێنانی کردارێکی ڕانەبوردوو

دەنوسێت: دەگرێت، دەخوات، دەکوژێت

دەینوسێت: دەیگرێت، دەیخوات، دەیکوژێت

خشتەی (١-١)پێڕەوی مۆرفۆلۆژیی و فۆنۆلۆژیی بۆ ڕەگ

زمان فەرهەنگ پێڕەوی دەنگەکانە، پێڕەوی وشەکانە، بۆ پەیوەندیی لەیەکگەیشتن.

ڕێزمان Sound System، Word System، Communication

خشتەی (١-٢) مۆدێلێکی زمان/ڕێزمان

فەرهەنگ

مۆرفۆلۆژیی فۆنۆلۆژیی

فۆنۆلۆژیی

سینتاکس بەهەموویانەوە پێڕەوی

ڕێزمانیان هێناوەتەئارا

سیمانتیك

زمان پێڕەوێکی چڕو ئاڵۆزەو یەکێکە لەپێڕەوە ئاڵۆزەکانی مێشك: بە هەر یەکە لەپێڕەووەکانی مێشك دەگوترێت مۆدوڵ (Modul). هەر یەکە لەمۆدوڵەکان پێڕەوێکی چڕو ئاڵۆزەو سەربەخۆیە، بەڵام لەگەڵ ئەوانی تریشدا لەپەیوەندیدایە. مادام زمان مۆدولارییە، کەواتە ڕێزمانیش مۆدولارییە، کەرەستەکانی لەپەیوەندییەکی مۆدولاریدان. لێکۆڵینەوە لەمۆرفۆلۆژیی، واتا شیکردنەوەو توێژینەوە لە مۆدولی مۆرفۆلۆژیی. ئەوەی پەیوەندیی بەڕێزمانی کوردییەوە هەیە، (زمان بە ڕێزمان دادەنرێت).

خشتەی (١-٣)

ڕێزمان فەرهەنگ

فۆنۆلۆژیی

مۆرفۆلۆژیی

سینتاکس

سیمانتیك

لەزمانی کوردییدا سنوور لەنێوان فەرهەنگ و مۆرفۆلۆژیی لەگەڵ سینتاکسدا نییە، ئەمەش تایبەتمەندیی زمانی کوردیی و هەندێک زمانی دیکەیە، کە بە زمانە تێکەڵەکان ناسراون.[3]

مۆرفۆلۆژیی دوو لایەن دەگرێتەوە:

یەکەم: وشەدروستکردن (Word Bulding)، بۆ واتای نوێ.

دووهەم: شکاندنەوە (Word Inflection- Word Formating). بۆ بەرهەمهێنانی وشەو پێکهاتوی سینتاکسیی

**یەکەم**: مۆرفۆلۆژیی وشەدروستکردن (Word Bulding):

بۆ واتای نوێیە لێکدراو: /سەرەگرتن/

هەڵگوێزراو: /گرتنەوە/

داڕێژراو: /لێوەرگرتن/

وشەی فرێزی (Frasal Word): /دەستبەسەرداگرتن/

---

[2] - (محەمەدی مەحویی: 2009: 256)

[3] - بڕوانە: (محەمەدی مەحویی: ٢٠١٠) و سەرچاوەکانی.

کۆمەڵە وشە (پێکەوەهاتوو –Collection Words): /گرتنەبەر/ کەواتە مۆرفۆلۆژیی پێڕەوێکە بۆ دروستکردنی وشەی نوێ بۆ ئەو شتانەی کە تازە دێنەئاراوە.

**دوهەم**: مۆرفۆلۆژیی شکاندنەوە (Word Inflection- Word Formating):

لەفەرهەنگدا گەنجی وشەکان هەیە، مۆرفۆلۆژیی ئەو پێواژۆ و یاسایانەی تێدایە، کە ئەو وشە نوێیانەیان لە مۆرفۆلۆژیی وشەدروستکردندا پێدروستدەکرێن. لەبەرئەوەی لەزمانی کوردییدا مۆرفۆلۆژیی‌و سینتاکس چوونەتە ناو یەکەوە، دەشێت ناوی کرداریی هەبن لەفەرهەنگدا، کە وەك کرداری شکاوە هەم لەسینتاکس‌و هەم لەمۆرفۆسینتاکسیشدا هەبن، ئەمە بۆ کرداری بکەردیارو بکەرنادیاریش دەخوات، بەڵام دەشێت بکەرنادیاری شکاوە وەك ناوی کرداریی لەفەرهەنگدا نەبن. بەدەر لەمانە، کرداری تەواو وەك /گرتن، خواردن، مردن/ لەگەڵ کرداری لاوازدا /بوون/، کۆپولاش هەیە، کە /ە/ەو لەگەڵ کلیتیکەکاندا. لە (١/١ -٢)دا گفتوگۆلەسەرئەم بابەتە دەکرێت.

**١/١ -٢) کرداری لاواز و کۆپولا**

٥ -/سەوزبوون/ بوون کرداری لاواز و کۆپولا

٥ -ا) /چیمەنەکە سەوزبوو/. (کردەیی) پێشتر سەوزنەبوو، ئێستا سەوزە.

٥ -ب) /چیمەنەکە سەوز بو/. (حاڵەتیی)

٥ -پ) /سەوزە/. کۆپولایە. دروستەی ئەم کردارە ئاوەڵناوێکی ڕەنگە لەگەڵ کۆپولا.[4]

٦ -/سەوزە/ (ناوە).[5]

(وریا عومەر ئەمیین) تەنها /- ە، ب، بوو/ ی بە کۆپولا داناوە.[6]

**٢/١) دروستەی ناوەوەی ناوی کرداریی**

ناوی کرداریی بریتییە لە (ڕەگی کرداری تافی ڕابوردوو + تافەکەی) بەشێوەیەکی سەرەکیی سەگمێنتە کردارییەکەی لە ڕەگی کردار+ مۆرفێمی/ئەلەمۆرفی تافی ڕابوردوو + پاشگری لە چالاکیخستنی کردار پێکدێت.

ڕەگی کردار کرۆکی کردارەو هەڵگری واتاو داواکارییە سێمانتیکیی و ڕێزمانییەکانیەتیی. ناوی کرداریی بەو دروستەیەوە بووە بە لێکسیمی سەربەخۆ. دروستەو سەگمێنتەکانی ناوەوەی ناوە کردارییەکە (ڕەگ و تاف) بۆ دروستکردنی وشەی نوێ و بۆ بەرهەمهێنانی ڕستە و دەربڕدراوی سینتاکسیی ڕوونن (شەفافن).

7 -/پیاوکوژ/ ڕەگ

8 -/دەستکەوت/ قەد

ئەمەیش دەرەنجامی تێکەڵبونی پێکهاتەکانی ڕێزمانی کوردیین، کە مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسن.

شیکردنەوەکان دەریدەخەن، کە دروستەی ناوەوەی ناوە کردارییەکان بۆ دابەشبونی کلیتیک (بکەریی و بەرکاریی) و جێناوە لکاوەکان لە ناو کرداری ئاڵۆزدا گرنگن.

9- /گرتن/ گر + ت

10- /نوستن/ نوس + ت

١١ - /گرتنەوە/ گرەوە + ت

پاشگری سستکردنی چالاکیی کردار (ن): بە /ن/ دەگوترێت پاشگری لەکردارخستن‌و کردن بەناو.

**ا) دروستەی ناوی کرداریی ساده:**

قەدی تافیی (ڕەگ + تاف) + /- ن/ ی بەناوکردن و لەکارخستن

١2 -/گرتن/، / گر + ت + ن/ (محەمەدی مەحویی: ٢٠٠٩: ٢٤-٢٥)

ب) دروستەی ناوی کرداریی لێکدراو: وشە + ناوی کرداریی سادە

١3 -/سەرەگرتن/، /سەرە + گرتن/، /سەرە + گر + ت + ن/

پ) دروستەی ناوی کرداریی داڕێژراو: مۆرفێمی وشەداڕێژ (یان زیاتر)+ ناوی کرداریی

14 -ا) /لێوەرگرتن/، /لێ + وەر + گرتن/

١٤ -ب) /ڕاوەرگرتن/ ١٤ -پ) /ڕالێوەرگرتن/

**ت- دروستەی ناوی کرداریی هەڵگوێزراو: ناوی کرداریی + پاشگر**

15 -/ گرتنەوە /، /گرتن + ەوە/

---

4- (محەمەدی مەحویی: ٢٠٠٩، ٢٤٠-٢٤١ و ٢٠١٦: ٤١١، ٨٤٠ و ئەو سەرچاوانەی، کە لێیوەرگیراون، لەگەڵ (محەمەد مەعروف فەتاح: ١٩٩٧ و ١٩٨٩)

5- ئەوڕەحمانی حاجی مارف، زمانی کوردی لەبەررۆشنایی فۆنەتیکدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاریی کورد، ١٩٧٠، (محەمەدی مەحویی: ٢٠١٦)

6- (2011: 97-109)

ح- دروستەی ناوی کرداری فرێزیی: ئەم دروستەیە لە دروستەی فرێزەوە نزیکە.

16-ا) /دەستبەسەرداگرتن/، 16-ب) /دەست + بە+سەر+ ئەو + دا + گرتن/

16-پ) /دەستی بەسەرئەودا گرت./

ج- کۆمەڵە وشە:(پێکەوەهاتوو–Collection Words): ناوی کرداری+مۆرفێمی خستنەسەر+وشە:

17-ا) /گرتنەبەر/، /گرتن + ە + بەر/

١٧-ب) /خورەی ئاو-هاتن/ ١٧-پ) /قاسپەی کەو-هاتن/[7]

**بەشی دوەم: سەگمێنتەکانی کرداری شکاوەو کرداری ئاڵۆز**

**١/٢-١) مۆرفیم و ئەلەمۆرفەکانی تافی ڕابوردووی کردار**

قەدی تافیی ناوە کرداریبەکە (ڕەگ + مۆرفێمی تاف) لە فەرهەنگەوە دەهێنرێتە ناو سینتاکسەوە. (بڕوانە بەشی سێهەم) مۆرفێمەکانی تافی ڕابوردوو بریتین لە (/-ت/، /-د/، /-ا/، /-ی/، /-و/)، کە لە ڕووی لێکچونی فۆنۆلۆژیی و برشتیی کردارەوە، هەندێکیان دەبن بە ئەلۆمۆرفی یەکتر (ئەلۆمۆرفی تەواوکەرانە). پەیوەست بە لێکچونی فۆنۆلۆژیی و برشتیی کردارەوە، محەمەدی مەحویی (مۆرفۆلۆژیی و ...، ٢٠١٠: ٢١) وەهای داناوە، کە "مۆرفێمی تافی ڕابوردوی هەندێك کرداری تێنەپەڕ /_ا/ (}هات{)، کە لەگەڵ مۆرفێمی تافی ڕابوردوی بکەرنادیاردا یەکدەگرێتەوە، ئەلەمۆرفێکی هەیە، کە ئەلەمۆرفی تەواوکەرانەیەو هەر بۆ کرداری تێنەپەڕەو /_و/ ە (}چوو، بوو{). (ا) ئەو کرداره تێنەپەڕانەی، کە /_اند/ وەردەگرن و دەبن بە تێپەڕ، پاشگری ڕابوردووی /_ا/ وەردەگرن (}خەوت{ : }خەواندی{) و (ب) ئەو کردارانەیان، کە /_اند/ وەرناگرن و ناکرێن، بە تێپەڕ، مۆرفێمی تافی ڕابوردوویان /_و/ ە (}چوو{ : *}چوواند{). بەڵام ئەو کردارە تێپەڕانەی، کە بڕگەییەکی /ی/ یان تێدایەو کۆتاییان بە زرنگدەرەوەی /ن، ڕ/ هاتووە، پاشگری ڕابوردوی /یی/ وەردەگرن (}کڕیی، بینیی{) نەك /_ت/ (*}کڕتی، بینت{). کەواتە ئەلەمۆرفە ڕێزمانییەکەی /_ا/ بۆ کرداری تێپەڕ/_ی/ یە (}بینیی، نوسیی{). /-ت/ و /-د/ ئەلۆمۆرفی یەکترن، "لەیەکچوونی فۆنۆلۆژییان هەیە [ +گیراو، +پوکیی، +/_دەنگدار ] و /_د/ دکە ئەلەمۆرفی تەواوکەرانەی /_ت/ دکەیە. /_ت/ مۆرفێمی سەرەکیی تافی ڕابوردووە. بەواتا، کە /_د/ پاشگری تافی ڕابوردووی کردارە تێنەپەڕو کردارە تێپەڕەکان تەواودەکات، کە /_ت/ ە، (بڕوانە }نوست، کوشتی{ هەمبەر بە}مرد، خواردی{!)" بەڵام لەڕوی تافەوە، هەموبان ئەلۆمۆرفی یەکترن.[8]

**١/٢-٢) مۆرفیم و ئەلەمۆرفی تافی ڕانەبوردووی کردار**

چۆن قەدی تافیی ڕابوردوو لە فەرهەنگەوە هێنرایە ناو سینتاکس، ڕەگی تافی ڕابوردوو بە تەنها دەهێنرێتە ناو سینتاکسەوەو مۆرفیمی تافی ڕانەبوردوو (دە)ی بۆ زیاددەکرێت و پاشان کەسێکی لکاوی گونجاویش دەخرێتە کۆتاییەکەی بە مەبەستی چالاککردنی قەدە تافییەکە و ڕێککەوتنی بکەر_ کردار. /دە/ /ئە/، /تێ/ جۆرێکە لە دەربڕینی ئازادی ئەو پێشگرە، کە گیراوە گەرویەکەی مسۆگەرکردووە و ئەلەمۆرف نییە. بڕوانە (١/٤).

**٢/٢) سەگمێنتەکانی کرداری شکاوەو کرداری ئاڵۆز**

**٢/٢-١) ئەبوبەکر عومەرقادر**

لای ئەم زمانەوانە و ئەو سەرچاوانەی وەریگرتوون، مۆرفۆسینتاکس ئاماژەکردنە بۆ پۆل و تایبەتمەندییە ڕێزمانییەکان، کە بە خستنەڕووی هەردو پێوەری مۆرفۆلۆژیی و سینتاکس جێبەجێدەکرێت. مۆرفۆسینتاکس هەمو ئەو فۆرمە مۆرفۆلۆژییانە دەگرێتەوە، کە ئەرکی سینتاکتیکییان هەیە و چەمکەکانی ناسراویی، نەناسراویی، ژمارە-تاک و کۆ، توخم، دۆخ، کەس و دەمکات دەگرێتەوەو پۆلەڕەگەزەکانی شکاندنەوە دەیاننوێنن. بەم پێیە، کەرەستەکانی مۆرفۆسینتاکسی زمانی کوردیی بۆ دوو جۆر دابەشکردووە: ا- مۆرفۆسینتاکسەکانی ناو ب- مۆرفۆسینتاکسەکانی کردار. پەیوەست بە مۆرفۆسینتاکسەکانی کردارەوە، تاف Tense و ئەسپێکت Aspect و ڕوکار Mood و گەردانی کردار Conjugations ی دەستنیشانکردووە.[9]

---

[7] - / بڕوانە (محەمەدی مەحویی: ٢٠١٠) و (بێستوون حەسەن: ٢٠١١).

[8] - (محەمەدی مەحویی: ٢٠١٠: ٢١-٢٢، ٣٠).

9- ئەبوبەکرعومەرقادر (٢٠٠٣: ٦٠) لەم دابەشکردنەیدا (کات)ی هەمبەر بە (تاف) داناوە، بەڵام بە تاف دەڵێت: کاتی ڕودان و بە کاتیش دەڵێت: کاتی

**٢/٢ -١ -١) تاف**

(/د/، /ت/، /ا/، /ی/، /و/) وەکو مۆرفۆسینتاکسەکانی تاڤی ڕابوردوی بکەردیار دیاریکردووە.

١ -١) خواردم ١ ب) مردم

٢ -١) فرۆشتم ٢ ب) کەوتم

٣ -١) کێڵام ٣ ب) گەڕام

٤ -١) کڕیم ٤ ب) تەزیم

٥ -١) چووم ٥ ب) چووم

بەڵام وەهای داناوە، بۆ ڕانەبوردوو تاف لە ڕەگی کاردا تواوەتەوە. تەنها لە بکەرنادیاردا تاف /-یّ/ دەردەکەوێت، لە بکەردیاردا فۆرمێکی سەربەخۆی نابێت و لە هەستی قسەکەردا تواوەتەوە.[10]

٦- دە + فرۆش + ر + یّ. دەفرۆشرێت.

**٢/٢ -١ -٢) ڕوکار**

ماوەی ڕودانی کار لە ئێستا و ڕابوردوو و ڕانەبوردودا دەخەنەڕوو، مەبەست لە ماوە: سەرەتا و کۆتایی، تەواوبوون و تەواونەبوون یان درێژەکشان دەگرێتەوە.

لێکۆڵەر ئەم ڕوکارانەی دەستنیشانکردوون [دە، ووە/وە، ە، ەوە/وە]

٧ -١) دەڕۆم (سەرەتای دەستپێکردن)

٧ ب) دەگەڕایەوە (سەرەتای دەستپێکردن و گێڕانەوە)

٨ -١) کەوتووە ٨ ب) کێڵاوە (ئەم ڕوکارە ڕابوردووی تەواو دادەڕێژێت. واتای تەواوبوون/ مانەوەی کاریگەریی ڕودان دەگەیەنێت.)

٩ -١) زستان ساردە. (درێژەکێشان و ئێستایی_بوونی ڕوودان. هەمیشەیی/ ڕاستیی بێ_کات)

٩ ب) هەوا ئەمڕۆ ساردە. (ماوە سنوردار)

١٠ -١) هاتوومەتەوە (دەمکاتی ئێستایی کار، دڵنیایی_بەخشین بە ڕودان یان تەواوبونی).

١٠ ب) دێمەوە (ئاینده)

**٢/٢ -١ -٣) ڕێژە**

ڕێژە بریتییە لە هەستی قسەکەر بەرانبەر بە ڕاستیی ڕوداو یان کردار، لە ڕوانگەی ئەنجامدان و جێبەجێبوون، یان جێبەجێنەبونی کارەوە. بە شێوەیەکی گشتییش بریتیین لە: هەواڵیی و پرسیاریی، مەرج و خۆزگەو دانانیی، فەرمان و داخوازیی، کە لە زمانی کوردییدا پۆلەڕەگەزەکانی شکاندنەوە دەیاننوێنن، کە دابەشیکردوون بۆ: هەواڵە ڕوکار، مەرج و خۆزگەودانانە ڕوکار، فەرمانە ڕوکار.

١١ -١) نوستووە (؟) ١١ ب) نەنوستووە(؟) هەواڵیی

١٢ -١) وێرانکرا(؟) ١٢ ب) وێراننەکرا(؟) پرسیاریی

١٣ -١) ئەگەرنوسرابێت ١٣ ب) ئەگەر نەنوسرابێت (مەرجیی)

١٤ -١) خۆزگە نوسرابام ١٤ ب) خۆزگە نەنوسرابام (ئارەزوو)

١٥ -١) بهاتبا دەمانبینی ١٥ ب) نەهاتبا (دانانیی)

١٦ -١) بنوسە/ بینوسە ١٦ ب) مەنوسە/ مەینوسە (فەرمان)

**٢/٢ -١ -٤) گەردانکردنی کردار**

جێناوە لکاوەکان بە پێی شوێن و ئەو ڕۆڵانەی دەیانبینن (بە مۆرفێمەکانی کات و کەسیش ناوبردوون)، دەکرێن بە کۆمەڵەوە، کۆمەڵەی یەکەم [م - مان، ت - تان، ی - یان] لە دروستەی کرداردا تەنها دەچنەسەر ڕابوردووی تێپەڕی بکەردیار. کۆمەڵەی دوەم [م – ین، ی/یت/ە/ Ø– ن، ات/ێت/ە/Ø - ن] دەچنەسەر ڕابوردوو و ڕانەبوردووی بکەرنادیار، ڕابوردوو و ڕانەبوردووی تێنەپەڕ، ڕانەبوردووی تێنەپەڕ.

١٧ - گرتــمــیــت (بەرکارکۆتایی دروستەکە دەگرێت.)
تاف کەس(بکەر) کەس(بەرکار)

کۆمەڵەی یەکەم دەچێنەسەرپێش، یان پاش ڕەگی کار:

١٨ -١) گرتــمان ١٨ ب) دەمانــگرت
تاف کەس(بکەر)
کەس(بکەر) تاف

کۆمەڵەی دوەم شوێنیان جێگیرە و لە پێش ڕەگەوە نایەن.

ئاسایی. هەروەها ڕوکارو ڕێژەی تێکەڵکردوە. چونکە ڕوکار (Aspect) ە و ڕێژەیش (Mood) ە.

10- لەم لێکۆڵینەوەیەدا کار بەم بۆچوونە ناکرێت.

مۆرفیێمی گۆڕینی توانای کار یەکێکی ترە لە کەرەستەکانی مۆرفۆسینتاکس، کە کردار لە تێنەپەڕەوە دەکات بە تێپەڕ، بەهۆی مۆرفیێمی /- اند/ ەوە.[11]

19-ا) منداڵەکە گەڕا.    19-ب) ژنەکە منداڵەکەی گەڕاند.

بەڵام لە ڕانەبوردوودا /-ان/ دەبێت بە /-ێن/ وەک ڕەفتارێکی فۆنۆلۆژیی.

٢٠-ا) ناردم    ٢٠ ب) دەنێرم

لاوازکردنی توانای کاریش بە کەرەستەی مۆرفۆسینتاکس و بە هۆی مۆرفیێمی /-ر/ ەوە لە تێپەڕەوە بۆ تێنەپەڕ ئەنجامدەدرێت.

٢١-ا) پۆلیس دزەکەی گرت.    ٢١-ب) دزەکە گیرا.

٢٢-ا) شارەوانیی نەمام دەنێژێت    ٢٢-ب) نەمام دەنێژرێت (ئەبوبەکر عومەر قادر ٢٠٠٣: ٢٨-٨٢)

## کورتەوبوختە

**تاف**: پەیوەست بە تافەوە، (ئەبوبەکر عومەر قادر) وەهایداناوە، کە تاف کاتی ڕودان دەگرێتەوە. بۆ تافی ڕابوردوو پێنج مۆرفیێمی دیاریکردوون، بە بێ ئەوەی پەیوەندیی نێوانیان ڕونبکاتەوە و ئەلەمۆرفەکان دیاربکات. بۆ تافی ڕانەبوردویش پێیوایە، کە فۆرمی سەربەخۆی نییە و کات لە ڕەگدا تواوەتەوە، هەرچەندە ئاماژەی بە /دە-/ داوە وەک ڕوکار، بەڵام بە مۆرفیێمی تافی دانەناوە، کە ئەلەمۆرفی /ئە-/ ی هەیە.

ڕوکار: ماوەی ڕودانی کار (سەرەتا و کۆتایی، تەواوبوون و تەواونەبوون یان درێژەکێشان) دەگرێتەوە، لەگەڵ ئەوەی ڕوکارەکانی دەستنیشانکردووە، بەڵام جیاینەکردونەتەوە و بە شێوەیەکی وردو پێڕەوبەندانە دابەشینەکردوون. (بڕوانە بەشی سێهەم و چوارهەم).

کەس: کەسەکان لە شکاندنەوەی کرداردا ڕۆڵی ڕێکەوتن دەبینن و جێناو نین، بەڵام ئەم زمانەوانە بە جێناوی داناون.

ڕێژە: وشەی ڕوکاری بۆ ڕێژە بەکارهێناوە، لە دیاریکردنی ڕێژەکانیشدا (هەواڵیی و پرسیاریی، مەرج و خۆزگەو دانانیی، فەرمان و داخوازیی) ی دیاریکردوون، بەڵام دابەشکردنەکەی تەواوکەرانە و پێڕەوبەندانە نییە. (بڕوانە بەشی سێهەم و چوارهەم).

٢/٢-٢) وریا عومەر ئەمین

پەیوەست بە کرداری ئاڵۆزەوە، ئەم زمانەوانە توخمەکانی مۆرفۆسینتاکسی بە جۆر و تافی کردارەوە بەستوەتەوە، کە چ جۆرە جێناوێک (وەک فرێزی ناویی، یان بەرکاری ڕاستەوخۆ و بەرکاری ناڕاستەوخۆ) دەچێتە ناو دروستەی کردارەوە (گواستنەوە و بە جێناوکردن). ئەم زمانەوانە تافی ڕابوردوو و ڕانەبوردووی جیاکردووەتەوە، لە شیکردنەوەکانیدا مۆرفیێمەکانی /-د/، /-ت/، /-ا/ بۆ ڕابوردوو دەبینرێن، بۆ ڕانەبوردویش /-ێ/ دیاریکراوە.

٢٣-/خواردم/ /-د/

٢٤-/هاتم/ /-ت/

٢٥-/کوژرا/ /-ا/

٢٦-/ئەوترێ/ /-ێ/

لەسەر بنەمای تێپەڕیی و تێنەپەڕیی، ڕابوردوو و داهاتوو، سێ کۆمەڵە جێناوی جیاوازی لەیەکجیاکردوەتەوە:

خشتەی (١-٤) جێناوە لکاوەکان (لە جێناو دەدوێت، نەک کەسی لکاوی ڕێکەوتن.)

| کۆمەڵەی یەکەم | کۆمەڵەی دووەم | کۆمەڵەی سێیەم |
|---|---|---|
| -م | -م | -م |
| -ت | -ی(ت) | -ی(ت) |
| -ی | -Ø | -ا(ت)، ێ(ت) |
| -مان | -ین | -ین |
| -یان | -ن | -ن |

[11] - لەهەمان لاپەڕەدا ئەبوبەکرعومەرقادردەڵێت بە هۆی مۆرفیێمی /-ان/ ەوەیە و کارپێکردووە.

جیاوازیی نێوان کۆمەڵەی دوهەم و سێهەم لە کەسی سێهەمی تاکدایە. لەگەڵ ئەوەیشدا، نواندنی ڕێککەوتن Concord کێشەیەکی گرنگە لە زمانی کوردییدا. زیاتر لە کۆمەڵە پاشگرێکی شکاندنەوە، نەک هەر دەتوانن لەگەڵ تایبەتمەندیی سینتاکسیی بکەر (ف ن) دا بێن، بەڵکو لەگەڵ تاف (ڕابوردوو و ڕانەبوردوو) و جۆری کردار لە ڕووی (تێپەڕ و تێنەپەڕ)یشەوە دێن. دەتوانرێت ڕۆڵی سێ کۆمەڵەکە لەم خشتەیەدا وێنەبکێشرێت:

خشتەی ژمارە (١-٥)

| | Transitive | Intransitive |
|---|---|---|
| Past | 1 | 2 |
| Present | 3 | 3 |

کردار لەگەڵ بکەر (ف ن) دا لە ڕووی ژمارە (تاک و کۆ) و کەس (یەکەم و دوهەم وسێهەم) ەوە ڕێکدەکەوێت. ڕێکەوتن لە هەموو فۆڕمەکاندا هەیە. ڕێککەوتنی بکەر و کردار لە ئاستی قووڵدا نییە. ڕێککەوتنی کەس و کردار خورتییە، کاتێک ئەم جێناوە کەسییە لەگەڵ کرداردا دێت، هێنانی (فرێزە ناویی) ەکە سەرپشکییە، بەپێی یاساکانی گوێزانەوە.

٢٧ ا- من خوارد — م .

٢٧ -ب) خواردم.

ئەو جێناوەی لەگەڵ بەرکاری ڕاستەوخۆدا ڕێکدەکەوێت، بەپێی تاف دەگۆڕێت. لە ڕابوردوودا کۆمەڵەی دووهەم دەبن بە بەکار. لە ڕانەبوردوودا کۆمەڵەی یەکەم دەبن بە بەرکار. بەڵام هۆکاری هاتنی کۆمەڵەی یەکەم و دووهەم بەو یاسایەی، کە ئاماژەپێیداوە، ڕونەکردوەتەوە. (باسی ڕێکەوتنی ئەرگەتیڤی ناکات.)

٢٨ ا- من تۆم ئەنارد. ٢٨-ب) من ئەمناردیت. (بەکلیتیککردنی ئاڵۆز -Complex Cliticization)

٢٩ ا- من تۆ ئەنێرم. ٢٩ -ب) من ئەتنێرم

لەگەڵ بەرکاری ناڕاستەوخۆدا جێناوی لکاو دەگۆڕێت بە پێی تافی کردارو شوێنی جێناوەکە:

٣٠_ من بۆتان ئەنوسم.

٣١_ تۆ بۆمانت نوسی.

٣٢_ا) خوا بۆ منی ناردیت.

٣٢_ب) خوا تۆی بۆ ناردم.

٣٢_پ) خوا بۆی ناردمیت. (بەکلیتیککردنی ئاڵۆز -Complex Cliticization

٣٣_ا) خوا ئەومان بۆ ئەنێرێت.

٣٣_ب) خوا بۆ ئێمەی ئەنێرێت.

٣٣_پ) خوا بۆمانی ئەنێرێت.

ڕوکار: لە زمانی کوردییدا سێ جۆر ڕوکار سەلمێنراون: تەواوبوو، تەواونەبوو، تەواو.

ا- تەواوبویی هیچ توخمێکی ڕێزمانیی لە ڕوکەشدا نییە. کردار ڕوکاری تەواوبوویی لە ڕابوردوودا هەیە، لەگەڵ ئەو کردارانەیشدا دێن کە ڕوکاری ناتەواوبویی و تەواویان پێوە نییە.

٣٤- <خـوارد — م> I ate

I past eat

ب- فۆرم و پێشگری /ئە_/ بۆ تەواونەبویی دەبێت. لە زمانی کوردییدا تەواونەبویی لە ڕابوردوو و ڕانەبوردوویشدا دەبینرێت.

٣٥-/ئەخۆین/ (impf eat we) We eat

٣٦-/ئەنوستین/ (impf sleep past we) we were sleeping

پ- زمانی کوردیی (تەواو)ی لە ڕابوردوو و ڕانەبوردوودا هەیە. ڕابوردووی تەواو توخمێکی فۆنۆلۆژیی دروستیدەکات لە ڕوکەشدا، کە بریتییە لە /بوو/.12

٣٧-/نوستبوون/

بۆ ڕانەبوردووی تەواویش بریتییە لە /وە/، کە پێکهاتووە لە مۆرفێمی /وو/ی ڕابوردووی دوور لەگەڵ کۆپولا /ە/. بەگواستنەوەی شوێنی تافەکان و ڕوکارەکان دەڵێت یاسای شوێنگۆڕکێ - permutation rules). بەڵام هیچ نمونەیەکی بۆ ئەم بابەتە نەهێناوەتەوە. دەشێت مەبەستی لەم دروستەیە بێت:

٣٨-/نوستووە/

ڕێژە: ا) ئیلزامیی (Subjunctive): ئیلزامیی بە زیادکردنی مۆرفێمی /ب/ بۆ سەر ڕەگی کردار دروستدەبێت. لەگەڵ ڕەگی ڕانەبوردودا /بـ/ دەبێت بە پێشگرو ڕانەبوردووی ئیلزامیی دروستدەکات.

٣٩-بـ + خۆ 13

لەگەڵ ڕەگی ڕابوردودا /بـ/ دەبێتە پاشگر و ئیلزامیی تەواوبوو دروستدەکات.

12 -وریا عومەر ئەمیین هیچ ڕونکردنەوەی لەسەرئەوە نەداوە، کە بۆچی بە توخمێکی مۆرفۆلۆژیی وەک /- بوو/ ی گوتووە فۆنۆلۆژیی.

13 - بەم دروستەیە، کردارەکە فرمانە، نەک ئیلزامیی.

٤٠- خوارد + بـ

ب) فرمان (Imperative): هەمو ڕێزمانەوانە کوردەکان ئەم ڕێژەیەیان داوەتەپاڵ کەسی دوهەم (تاک و کۆ). لە ڕوی مۆرفۆلۆژییەوە، فرمان لە ڕەگی ڕانەبوردوو و پێشگری /بـ _/ دروستدەبێت.

٤١-ا) بـ + خۆ + Ø

٤١-ب) ب + خۆ + ن14

## کورتەو پوختە

**تاف**: لە دیاریکردنی تافەکاندا (ڕابوردوو و ڕانەبوردوو)ی دیاریکردووە، ئاماژەی بە ئەلۆمۆرفەکانی تاف نەکردووە و بە شێوەیەکی ورد لەسەر مۆرفێمەکان نەوەستاوە، تەنانەت بۆ ڕانەبوردوو /ئە-/ بە مۆرفێمی ڕانەبوردوو دانەناوە بە ڕوکاری داناوە، لە بری ئەوە /-ێ/ ی بە مۆرفێمی ڕانەبوردوو داناوە.

**کەس**: وەک لە نمونەکاندا دەردەکەوێت، زیاتر لە جێناو دەدوێت، نەک کەسی لکاوی ڕێکەوتن. لە ڕێکەوتنیشدا لە ئەرگەتیڤی نەدواوە.

**ڕوکار**: سێ جۆر ڕوکاری دەستنیشانکردووە؛ تەواوبوو، تەواونەبوو، تەواو، کە ئەم دابەشکردنە تەواوکەرانەو ئامانجێک نییە. (بڕوانە بەشی سێهەم و چوارهەم.)

ڕێژە: دوو ڕێژەی جیاکردونەتەوە؛ (سەبیونتیڤ و فەرمان) و ئاماژەی بە هەواڵیی نەداوە.

### ٢/٢-٣) مەحموود فەتحوڵا

ئەم زمانەوانە لە پەیوەندیی نێوان ناوی کرداریی و شکانەوە و شکاندنەوەی کردار نەدواوە، بەڵام لەسەر پۆلە ڕەگەزەکانی ئەو دوانە گفتوگۆدەکات.

**تاف** کاتیگۆرییەکی ڕێزمانییە، بە هۆی مۆرفیمێکی دیاریکراوەوە دروستدەبێت، کە دەچێتە ناو کردار. تاف کاتیگۆرییەکی فەرمییە، کە کاتە پەیوەندیدارەکانی ڕابوردوو و ئێستا و داهاتوو دەستنیشاندەکات. لە زمانی کوردیدا جیاکردنەوەی تافە بنەڕەتییەکە لەسەر دوو بنەما جیاکراوەتەوە، کە پێیدەگوترێت تافی ڕابوردوو و ڕانەبوردوو.

تاف تایبەتمەندیی و ئەدگاری سروشتیی کردارە، هەرچەندە تایبەتمەندیی و ئەدگاری ڕستەیشە نەک تەنها کردار. لە زمانی کوردییدا کردار دوو کاتی سادەی هەیە، ڕابوردوو، ڕانەبوردوو، کە لەگەڵ ڕەگدا دێن. ڕانەبوردوو پەیوەندیدارە بە بارودۆخێکەوە کە بەهۆی توخمە کرداریەکانەوە وەسفی دەمی ئاخاوتن دەکات. ڕابوردوویش پەیوەندیدارە بە بارودۆخێکەوە کە بەهۆی توخمە کرداریەکانەوە وەسفی چەند کاتێکی جیاواز دەکات لە ڕابوردوودا.

تافی ڕابوردوو: زمانی کوردیی چەند مۆرفیمێکی بەندی هەیە (/-ا/، /-ت/، /-د/،/-ی/،/-و/)، کە بۆ ئاماژەدان بە تافی ڕابوردوو دەچنە سەرڕەگی ڕابوردوو. بەڕوکاریش ناویاندەبات.

٤٢-١) /سوتا/Ø/ ٤٢-ب) /کوشتم/ ٤٢-پ) /بردمان/ ٤٢-ج) /سەربڕی/ ٤٢-ح) /چوین/

تافی ڕانەبوردوو: لە پێشگری /دە-/، ڕەگی ڕانەبوردوو و جێناوی کەسی دروستدەبێت.

٤٣-/دەکرم/ (لێرەدا بە پێشگر ناویهێناوە، بەڵام لە بابەتی ڕوکاردا پێیدەڵێت ڕوکار.)

**کەس**: لە زمانی کوردیدا دەتوانرێت دوو دەستەی سەرەکیی جێناوی لکاو لەیەکجیابکرێنەوە؛ کە هەردوو دەستەکە وەکو لاگر لەگەڵ ڕابوردوو و ڕانەبوردودا لەشوێنی جیاوازدا دێن. دەستەیەکیان لەگەڵ کرداری ڕابوردووی تێپەڕدا دێن، دەستەکەی تریان لەگەڵ هەموو جۆرەکانی تری کرداردا دێن. ئەم بۆچونەی لە مەکاریۆسەوە وەرگرتووە، بەبێ ئەوەی ئاماژەپێبدات.

**ڕوکار** پۆلەڕەگەزێکی ڕێزمانیی دروستەی کردارە، کە هەندێکیان (/-ت/ /-د/، /-ی/، /-ا/، /-و/، /ب-/، /دە-/) لە ناو کرداردا دەشکێنەوە و وەکو لاگر دەردەکەون، هەندێکشیان (/وا/، /خەریکە/، /سەرقاڵە/)، کەرەستەی فەرهەنگیین و لە ناو کرداردا ناشکێنەوە. زمانی کوردیی سێ جۆر ڕوکاری هەیە:

ا) ڕوکاری تەواوبوویی دوو فۆرمی هەیە، یەکێکیان بۆ ڕابوردووەو ئەم نیشانانەی هەیە /-ت، -د، -ی، -ا، -و /. دوهەمیان؛ لە ڕانەبوردووی مەرجیدا وەکو پێشگری /-بـ/ خۆی دەنوێنێت.

٤٤-سوت -ا

٤٥-کوش –ت -م

٤٦-بر –د -مان

---

-14 وریا عومەر ئەمین: ٢٠١١: ٤٣-٩٦

٤٧- سەربڕ- ی

٤٨- چو – ی -ن

٤٩- بـ – کرِ – ە

٥٠- بـ - چ - م

ب) ڕوکاری ناتەواوبویی، کە ڕابوردوو و ڕانەبوردویشی هەیە. ئەویش ڕوکاری ناتەواوبوویی /دە-/ەیە، کە بۆ بەردەوامیی، تەواونەبوویی و خویش دەبێت.

٥١- دە – کرِ – م

٥٢- دە – کەو – م

٣) ڕوکاری بەرەوپێش (Progressive)، کە ڕوکاری فەرهەنگیین، چەند شێوەیەکی جیاجیان هەیە، وەک /خەریکە، وا، سەرقاڵە، هەر/.

**ڕێژە:** هەرچەندە لە نامەی دکتۆراکەیدا مەحموود فەتحوڵا بەشێوەیەکی سەربەخۆ و تایبەت گفتوگۆی لەسەر ڕێژە نەکردووە، بەڵام لە ناو بابەتی ڕوکاردا، پەیوەست بە پۆلەڕەگەزەکانی شکاندنەوەی (تاف و ڕوکار) وە ئاماژەی بە ڕێژەکان داوە و نمونەی لە ڕێژەکانی ڕاستیی و سەبیونتیف و فرماندا هێناوەتەوە. بڕوانە نمونەکانی (٤٩، ٥٠، ٥١)ی ئەم بەشە.[15]

**کورتە وپوختە**

پێناسەکانی بۆ پۆلەڕەگەزەکانی شکاندنەوە و شیکردنەوەکانی لەسەر بنەمای زانستیی نوێ و داتاکانی زمانەکە داناون، لەم ڕووەوە مۆرفێمەکانی تاف و ئەسپێکتەکانی دەستنیشانکردوون. بەڵام کاتێک مۆرفێمەکانی تافی دیاریکردووە، لە هەمان کاتدا بە ڕوکاریش ناوبردوون، بە بێ ئەوەی ڕونکردنەوە لە پەیوەندیی نێوانیان بدات، وەک لە (١/٤) دا ڕونکراوەتەوە. پەیوەست بە (کەس)ەوە بە سێ جۆر ناوبردووە (لاگری ڕێکەوتن، جێناو، کەسی لکاو)، هەرچەندە وەکو پۆلەڕەگەزی شکاندنەوە گفتوگۆی لەسەرکردوون، بەڵام پێینەگوتوون پۆلەڕەگەزی شکاندنەوە، بە واتا؛ بۆ ئەم زمانەوانە لە لێکۆڵینەوەکەیدا بۆ شکاندنەوە تەنها (تاف و ڕوکار و ڕێژە) گرنگن.[16]

سێ جۆر ڕوکاری دەستنیشانکردووە (تەواوبویی، ناتەواوبویی، بەرەوپێشچویی)، کە لە ڕاستیدا بەرەوپێشچوییش هەر ناتەواوبوییە.

**بەشی سێهەم: شکاندنەوەی تافی ڕابوردوو وڕانەبوردووی کردار**

شکاندنەوەی کردار: واتای نوێمان نییە تا وشەی بۆ دروستبکەین، وەك لە وشە دروستکردنەکەدا هەیە. لەشکاندنەوەدا وشەی نوێ بۆ واتای نوێ دروستناکرێت، بەڵام لێرەشدا هەندێك واتای نوێ دێنەناوەوە، کە بە شێوەیەکی گشتیی پەیوەندییان بە کاتو ڕوکارو ڕێژەوە هەیە (Tens, Aspect, Mood).[17]

شکاندنەوە = کات + کەس

گەردانکردن = کەس[18]

تافی ڕابوردوو:

شکاندنەوە بریتییە لە هێنانی قەدی تافیی + گەردانکردن

١-/گرتن/ گرت + م      گرتم

٢-/بوون/ بوو + م      دەبم

٣-/گیران/ گیرا + م      گیرام

تافی ڕانەبوردوو:

شکاندنەوە= هێنانی تاف + گەردانکردن

٤-دە + گر + م      دەگر+ م

دەگرم

٥-دە + ب + م      دەب + م      دەبم

٦-دە+گیر+ێ+م      دەگیرێ+م

دەگیرێم

کەواتە گەردانکردن = چالاککردنی تاف

تەنانەت یەکێك لەتایبەتمەندیەکانی زمانی کوردییە، کە بکەردیارو بکەرنادیاری لەفەرهەنگدا تۆمارکراو هەیە. هەرچەندە هەندێك کرداری بکەرنادیاریش لەسینتاکسدا بەرهەمدەهێنرێن، وەك /هاتنەکوڵ/.

لەکرمانجی ناوەڕاستدا قەد یان ڕەگی ناوە کردارییەکە دەهێنینەناو سینتاکس بۆ ئەوەی ڕستە بەرهەمبهێنین.

خشتەی (٢-١) لەفەرهەنگدا (کوشتن) ناوی کرداریمان هەیە

15- مەحموود فەتحوڵا ٢٠٠٤: xvi، ٣٥-٤٦، ٥٦-٦٦

16- هەمان سەرچاوە، لا ٤٦

17- مەحموود فەتحوڵا (٢٠٠٤: ٣٥-٤٠) و وریا عومەر ئەمین (٢٠١١: ٤٢-٩٥)

18- وانەکانی (پ.د. محەمەدی مەحویی) کۆرسی پرۆژەی دکتۆرا، ٢٠١٥-٢٠١٦

رابوردوو        رانەبوردوو

قەدی تافیی رابوردوو        رەگ (رەگی ناوە کرداریەکە)

٧- (کوشت، کوش) لەکارکەوتوونو سستن، هەتا کاتو کەسی لکاوی بدرێتێ.

قەدی تافی    رەگ

٧-ا) دەکوش   قەدی تافی رانەبوردوو

٧-ب) کوشت        کوشتی        کوشتی    هێزو فۆنەیتییک

٧-پ) دەکوش    دەکوشێت        دەکوژێت    ئاواز

شکاندنەوەکە لەسینتاکسدایە، بەکارکردن لەگەڵ مۆرفۆلۆژیی سینتاکسدا. کەواتە شکاندنەوە مۆرفۆلۆژیی سینتاکسییە لەناو سینتاکسدا.

خشتەی (٢-٢) هەنگاوەکانی شکاندنەوە

پێدانی تاف (هەنگاوی یەکەمە)

شکاندنەوە        پێوەلکانی کەسی لکاو (گەردانکردن) (هەنگاوی دوهەمە)

کرداری شکاوە لەدوو شوێندا هەیە    فرێزی کرداریی مۆرفۆسینتاکس

لەفرێزە کرداریەکەدا، کردارەکە (کەوتەخوارەوە) لەکۆتاییدا بێت یان ناوەوە، شکانەوەکە بەپێی هەمان یاساو مەرجە بە هەمان مۆرفیمەکانی.

**١/٣) شکاندنەوەی کردار بە گەردانکردن (لکاندنی کەس و ژمارە/ کلیتیکەکانی رێککەوتن)**

کرداری کات و کەسدار لە سینتاکسدایەو لەسینتاکسدا گفتوگۆ لەسەر ئەو مۆرفیمانە دەکرێت، کە لە بەرهەمهێنانی کرداری کات و کەسداردا بەشداریدەکەن. کرداری فرە مۆرفیمیش (رەگ + تاف) بە کرداری سادە دادەنێین، بۆ ئەوەی لەکرداری فرێزیی جیابکەینەوە. ناتوانین لەکرداری سادەو ناسادە بدوێین لە زمانی لکاودا، کە فرە_مۆرفێمییە، بەڵام کاتێک ئەم کارە دەکەین، بۆ جیاکردنەوەی شکاندنەوەکانە.

٨- /گرتم/        شکاندنەوەی کرداری سادەیە.

٩- /سەرەمگرت/    شکاندنەوەی کرداری لێکدراوە.

١٠- /دەستی بەسەر شارەکەدا گرت/    شکاندنەوەی کرداری فرێزییە.

ناوە کرداریەکەیش لە ناو فەرهەنگدا سادە، هەڵگوێزراو و لێکدراوی هەیە:

١١- /گرتن/        سادە

١٢- /گرتنەوە/        هەڵگوێزراو

١٣- /سەرەگرتن/        لێکدراو

١٤- منداڵەکە تۆپەکەی گرتەوە.

جێکەوتەی بکەر    جێکەوتەی بەرکار

شکاندنەوەکە بریتییە لەوەی، کە کەسی پێوە دەلکێنرێت:

١٥- /گرتی/.

بۆ شکاندنەوەی کردار لەتافی رابوردوودا، رەگو پاشگری تافی رابوردوو لەفەرهەنگەوە دەهێنرێت، جێناوی دەخرێتەسەر. ئەم جۆری شکاندنەوەیەیان بە گەردانکردن جێبەجێدەکرێت (گەردانکردن = لکاندنی کەسی رێکەوتن بەبناغەوە).

تێبینیی: قەد بۆ وشەدروستکردنە: ١٦- کورد – یێتی

قەد

بناغە بۆ شکاندنەوە بەکاردێ: ١٧- گرت + ی

بناغە

کەواتە:

١- بەم پێیە بۆ شکاندنەوەی رابوردوو، بناغەی تافیی لەفەرهەنگەوە دەهێنرێت.

٢- فەرهەنگو مۆرفۆلۆژیی وشەدروستکردن لەگەڵ سینتاکسدا رژاونەتەناویەك.

٢/٣) شکاندنەوەی کردار بە گەردانکردن و لکاندنی کەسی رێککەوتن

بناغەی تافی رابوردوو لەفەرهەنگدایە لەناو ناوە کرداریەکەدا (گرت). بناغەی تافی رانەبوردوو لەسینتاکسدا بەرهەمدەهێنرێت (دە + گر)، بۆ ئەم بەرهەمهێنانە سینتاکسییە ئەو مۆرفێمانەیش لە فەرهەنگەوە دەهێنرێن بۆ ناو سینتاکس. بۆ ئەوەی شکاندنەوەکە تەواوببێت، کەسی لکاو لەفەرهەنگەوە دەهێنرێت و بە بناغە تافییەکەی رانەبوردووەوە دەلکێنرێت. بەگەردانکردنەکە (لکاندنی کەسی لکاو بەبناغەکەوە لەگەڵ دروستکردنی بناغە تافییەکە، پێواژۆی شکاندنەوە لەسینتاکسدا تەواودەبێت). ئەمە

جۆری پەیوەندیی لەنێوان فەرهەنگ و سینتاکسدا دەخاتەڕوو، پەیوەست بەکرداری شکاوەوە.19

هەنگاوی یەکەمی شکاندنەوەی ڕانەبوردووی /گرتن/، /هەڵگرتنەوە/، /سەرهەڵگرتن/، /هەڵڕشتن/ بە دانانی مۆرفێمی تافی ڕانەبوردوو دەستپێدەکات. لە هەنگاوی دوهەمدا گەردانکردنەکە شکاندنەوەکە تەواودەکات.

١٨) /دەگرێت/. /دە + گر + ێت/

١٩) /هەڵیدەگرێت/. /هەڵ + ی + دە + گر + ێت/

٢٠) /سەرییهەڵدەگرێت/. /سەر + ی + هەڵ + دە + گر + ێت/

٢١) /هەڵیدەڕژێت/. /هەڵ + ی + دە + ڕژ + ێت/

٣/٣) گۆڕینی فۆنۆلۆژییانەی سەگمێنتەکانی کردار

٣/٣-١) پەیوەندیی مۆرفۆلۆژیی (شکاندنەوە) - فۆنۆلۆژیی

دوو جۆر /بوون/ جیاکراونەتەوە، کە /بوون/ی کردەیی و /بوون/ی حاڵەتیین. (بڕوانە نمونەکانی /سەوزبوون/ لە ١/١-٢)دا).

٢٢ ا) بامێکە زەرد بو. (حاڵەتیی)

٢٢ ب) بامێکە زەردبوو. (کردەیی)

کەوتنی /وو/ی /بوون/ لە تافی ڕانەبوردووی کردارە کردەییەکە ڕێزمانییە و ناوابەستەیە لە هێز، چونکە کۆتایی کرداری ڕانەبوردوو هێز لەسەرە.20

٢٣) من دەبم بە مامۆستا.

٢٣-ا)بووم: مامۆستا بوم (حاڵەتیی؛ بەفۆنۆلۆژی لە (وو)ەوە بووە بە (و))

بـوون ٢٣-ب) بووم بە مامۆستا. (کردەیی)

ڕەگ تاف ٢٣-پ)دەبم: مامۆستایە (کرداربەندیی)

ب ~ە نایاسابەندەو ڕونکردنەوەی نییە

٣/٣-٢) پەیوەندیی مۆرفۆلۆژیی (وشەدروستکردن)- فۆنۆلۆژیی

لێکۆڵینەوەکان پەیوەندییان بەفۆنۆلۆژییەوە هەیەو لەم حاڵەتەیاندا پەیوەست بە مۆرفۆلۆژییەوەن.

٢٤-/چیین/ - /-ایەتی/ ٢٥- /چینایەتیی/

[tʃi:n] - [a. yə. ti:] [tʃi . na .yə . ti:]

بە پێواژۆی مۆرفۆفۆنۆلۆژیی بڕگەیی درێژ لە نەمانی هێز لەسەری، کورت دەردەبڕدرێت.

یی ی

لە ناوەندی دەنگدارییشدا، خشۆکە کپەکان دەبن بە دەنگدار:

٢٦-/کوشتن - ەر/ ٢٧-/کوژەر/ ش ژ

[kuʃ. tin] ~ [ku .ʒər]

لەم حاڵەتەیاندا خشۆکێکی [ – دەنگدار] دەبێت بە خشۆکێکی [ +دەنگدار ].

لە /کوشتن/ ~ /کوشندە/دا، خشۆکە کپەکە وەک دەنگدار بەرجەستەناکرێت و ئەم ناوازەیەیش دەیسەلمێنێت، کە پێواژۆکان فۆنۆلۆژیانەن. (بڕوانە: بڕوانە "دابەشبونی تەواوکەرانەی گیراو و خشۆکەکان" لە محەمەدی مەحویی (٢٠١٦) دا.)

ئەمانە نمونە بوون بۆ پێواژۆی فۆنۆلۆژییانە لەمۆرفۆلۆژیی وشەدروستکردندا.

ئێستا دەچینەسەر پەیوەندیی مۆرفۆلۆژیی شکاندنەوە بەفۆنۆلۆژییەوە:

ڕستەی ڕابوردوو ٢٨-کوشت ژەندرمە هەڵهاتووەکەی

کوشت + ی

بناغە

ڕانەبوردوو ٢٩- کوش ژەندرمە هەڵهاتووەکە

دەکوژ + ێت

ڕەگ

کەسی لکاو

دەوروبەرە دەنگدارەکە لە شکاندنەوەی تافی ڕانەبوردویشدا هەر مەرجی بە دەنگدار بونی خشۆکە کپەکانە:

کوشت [kuʃt]

دەکوژێت [də . ku .ʒe:t]

وەهاماندا ناو ئاماژەمان بەوە دا، کە بەرجەستەبونی دەنگدارییەکە پێواژۆیەکی فۆنۆلۆژیانەیە. ئەگەر گۆڕینەکە لەدەربڕیندا بوایە، دەبوو بە پێواژۆیەکی فۆنەتیکییانە.[21] فۆنۆلۆژیی لەگۆکردنی (بەجێهێنانی) ئەرکی فۆنیمەکانو تەرزە فۆنۆلۆژییەکان دەکۆڵێتەوە، واتا لەفۆنیمەکانو خستنەتەکیەکیان لەپێکهاتەی فۆنۆلۆژیی ناو مێشکدا تا

19- (محەمەدی مەحویی: ٢٠١٦) و سەرچاوەکانی.

20- بڕوانە(محەمەدی مەحویی ٢٠١٦).

21- (محەمەدی مەحویی: ٢٠١٦ و سەرچاوەکانی)

زنجیرەکانیان لەشێوەی زنجیرە دەنگدا بەفۆنەیتیکی بەرجەستەدەکرێن.

٣٠) /ڕشتن/ ٣٠-أ) ژنەکە دۆکەی ڕشت.

٣٠-ب) ژنەکە دۆکە دەڕژێت.

ناوازەکان ئاماژەن بۆ ئەوەی، کە دەبێت گۆڕینی دەنگداری وشەدروستکردن و شکاندنەوەی کردار فۆنۆلۆژیانە بن.

ژن - ەکە -دۆ –ەکە -ڕشت –ی

ژەن - ەکە -دۆ –ەکە –دە –ڕژ –ێت

## بەشی چوارەم

## ڕێژەو ڕوکار

### ١/٤) ڕوکار

ڕوکار لە زمانێکی مۆرفێمیی وەک کوردییدا دەبێت بە شێوەیەکی سەرەکیی بە مۆرفێم(ی لکاو) بێت. بەڵام لە کرداری ڕابوردوی ڕوتدا دەرناکەوێت[22]. ڕوکار پۆلەڕەگەزێکی شکاندنەوەی کردارە، کە ئەم ڕەهەندانە لەخۆدەگرێت؛ تەواو، ناتەواو، خویی. کاتێک چەند نیشانەیەکی/مارکەیەکی جیاواز پۆلە ڕەگەزێکی شکاندنەوە دەردەبڕن، لە ئەلەمۆرفیی دەدوێین. لە زمانی کوردیدا مارکەی داهاتوو /دە-/ و /ئە-/ دوو ئەلەمۆرفی جیاوازی یەک مۆرفێمی نادیارن.

ئەدگارێکی تایبەت بە شکاندنەوە ئەوەیە، کە کاتەگۆریەکانی شکاندنەوە گەلێک جار بوون بە شاگرووپ و ئەمەیش ناونراوە >>ڕەهەندەکانی شکاندنەوە<</ نیشانەکانی شکاندنەوە/ئەدگارەکانی شکاندنەوە/ پۆلەڕەگەزەکانی شکاندنەوە. بەپێی ڕەهەندەکانی شکاندنەوە، دوو کاتەگۆریی سەر بە ڕەهەندێکن، ئەگەر ئەدگارێکی سێمانتیکیی یان گۆکردنێکیان هاوبەش بێت و یەکێکیان ئەوی تریان لە خۆیدا هەڵنەگرێت. هەردوو تافی ڕابوردوو لەگەڵ ڕانەبوردودا کاریان لەگەڵ پەیوەندیی کاتی ڕوودان و کاتی دەربڕدراو/دەبڕیینداا هەیەو نایشتوانن پێکەوە لە کردارێکدا ڕووبدەن. (بڕوانە چۆن /دە-/ لە ١- لە پێکهاتوی >کاتێک دە – م – گر – ت - ن< دا /دە-/ مۆرفێمی ڕوکارە و /- ت/ ەکەیش مۆرفێمی تافە!) کەواتە ئەو دوانە سەر بە کاتەگۆریی ڕەهەندی تافن. هەبونی ڕوکاری دروستەیی و مۆرفۆلۆژیی کردارە کات و کەسدارەکانە لە ڕستەدا.

٢-أ) (>دە –م –گر –ت –بیت... > و

2-ب) > ئەگەر دە - م – گر – ت - بیت< : 2-پ) >ئەگەر دە – ت – گر - م<) هەر ئەو بنەمایەی هەیە. لەڕستەدایە، کە پێشگری تافی داهاتوو /دە-/ لەگەڵ مۆرفێمی تافی ڕابوردوو لە جێکەوتەی بنەڕەتیی تافدا ڕۆڵ و واتای ڕانەبوردووی نامێنێت و لەگەڵ /- ت/ ی ڕابوردوودا ڕوکاری بەردەوامیی یان بەستنەوەی ڕابوردوو بە داهاتووەوە دروستدەکەن.[23]

دەبێت هەر تافێك پێشگری ڕوکاری نا_تەواوبویی incompletive aspect prefix /دە_/ ~ / ؟W_/ هەبێت. ئەم پێشگرە تەنها لەڕێژەی دڵنیایی/یەقییندا ڕوودەدات و هەرگیز لەڕێژەیەکی تردا ڕونادات. ئەو تافانەی، کە وەریدەگرن (داهاتوو و ناتەواو imperfect)، کردەیەکی ڕوکاریی نا_تەواوبویی an action of incompletive aspect نیشاندەدەن. ئەمەیش پێماندەڵێت، کە کردەکە لەو چەشنەیە، کە لەبەرەوپێشچووندایە in progress

٣-أ) >دەخۆم< I am eating، یەکێکە لەوەی، کە هێشتا دەستپێنەکردووە ٣-ب) >دەخۆم< I will eat, or I am going to eat. یان کردەیەکی عادەتیی/خویی_دووبارەبووەوەیە costomary or habitually ٣-پ) >هەموو ڕۆژێك دەخۆم< I eat every day.

تافەکانی تر لە ڕووکاری تەواوبویی completive aspect دان و یەك کردەی تەواوبوو completed action نیشاندەدەن، وەك ڕابوردووی ساکار. لەبەرئەوەی هەر تافێك بەیەك ڕوکارەوە ڕوودەدات، شیکردنەوەیەکی ئەڵتەرناتیف ئەوەیە، دوو کاتەگۆریی ڕوکاری جیا دانەنرێت، بەڵکو یەك تافە_ڕوکار بچەسپێنرێت:

incompletive present

completive preterite

incompletive-imperfect

completive present perfect

24 completiv- past perfect

لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە و خستنەڕوی شیکردنەوەکانی زمانەوانەکانەوە بەشێوەیەکی سەرەکی سێ جۆر ڕوکار دیاریکراون (تەواوبویی، ناتەواوبویی، بەرەوپێشچویی)، بەڵام بە سەرنجدان لە

[22] - بڕوانە: (ئەبوبەکرعومەرقادر: ٢٠٠٢: ٦٣) و نمونەکانی لە (٢/٢-١-٢)ی ئەم توێژینەوەیەدا. (محەمەدی مەحویی: ٢٠١٠ دروستەی کردار- بەرگی یەکەم: ١٠-12).

[23] - بڕوانە: (محەمەدی مەحویی: ٢٠١٠: ٢٤٣-٢٥٥)

24 -(محەمەدی مەحویی: ٢٠١٠ دروستەی کردار- بەرگی یەکەم: ١٢)

نمونەکان، بەو ڕاستییە دەگەین، کە ڕوکاری بەرەوپێشچوییش سەربە ناتەواوبوییە، کەواتە ڕوکار لە زمانی کوردییدا دابەشبونی دوپەلکیی هەیە:

ڕوکار تەواوبویی

ناتەواوبویی[25]

ئەوەی، کە لە کارەکانی پێشتردا لەم بوارەدا نەکراوە، ئەوەیە کە ڕوکارەکان بەم شێوەیە کۆنەکراونەتەوە، کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا ڕێکخراون.

ناتەواوبویی

٤- ئەو مامۆستا بوو. (ئێستا مامۆستا نییە)

٥- ئەو نوستبوو، کە ئێوە گەیشتن. (ناتەواوبویی دوور)

بە برگەیی درێژیش دەکرێت.26

ناتەواوبویی: بەردەوامیی و بەرەوپێشچوویی.27

٢/٤) ڕێژە

چەشنەکانی لە سینتاکسدا بە مۆرفێمی فەرهەنگیی بەرهەمدەهێنرێن. لێکۆڵەر وەهای بۆدەچێت، کە مۆرفێمەکانی بەرهەمهێنانی فۆرمە جیاوازەکانی ڕێژەکان جۆراوجۆرن و پێواژۆ فۆنۆلۆژیەکان وەک خۆیان لەکاردان.

٦- /گرتن/

٦-ا) گرتم ٦-ب)بمگرتایە ٦-پ) ناگرم ٦-ح) نەمگرتایە


ڕێژەیش بە هەمان شێوەی ڕوکار دابەشبونی دوپەلکیی هەیە:

ڕێژە ڕاستیی (یەقیین)/ هەواڵیی(ئیخباریی)

گومان / ئینشائیی، دانانیی، فەرمان، داخوازیی....

مۆرفێمەکانی ڕێژە: وەک لە (١/٤)دا ڕونکرایەوە، پێکەوەهاتنی مۆرفێمەکانی تاف و ڕوکار و ڕێژە، ڕەهەندی شکاندنەوەی کردارن. ڕوونکردنەوەی هەڵسوکەوتە جیاوازەکانی پێکەوەهاتنی "دۆخ + ژمارە" و "تاف+ڕووکار+ڕێژە" لە پەیوەندییە واتاییەکانیاندا جیاوازە. لەکاتێکدا پێکەوەهاتنی جۆراوجۆری "دۆخ و ژمارە" ڕوون و ئاساییە، بەڵام ئەوانەی "تاف و ڕوکارو ڕێژە" گرانەو هەندێکیشیان سەیروسەمەرەن. بۆ نموونە، ڕوکاری تەواوبویی - perfective aspect کە بە خشکەیی ئەوە دەردەبڕێت، کە لە تەواوبوونەکەیدا/تەواویەکەیدا نیپشاندەدرێت- چاك لەگەڵ ڕانەبوردوودا ناڕوات –کە بەخشکەیی ئەوە دەردەبڕێت، کە قسەکەر هێشتا لەناو ڕووداوەکەدایە- ڕێژەی فەرمان –کە فەرمانێك دەردەبڕێت- پێکەوە بە کۆکیی و گونجاویی لەگەڵا ڕابوردوودا نایەت. کەواتە، چشتێکی سەرسوورهێنەر نییە، کە زمانەکان ئەم کەڵێنەیان هەیەو هۆو ئامرازێکیان بۆ ئەم پێکەوەبەندبوون و پێکەوەهاتنەیان بە شێوەیەك نییە، کە بتوانرێت پێیان و لەڕێیانەوە ئەو تەرزانەی شکاندنەوە جوان و لەبار پەسنبکرێن (بەڵام بڕوانە نمونەکانی (١ و ٢)ی ئەم بەشە).[28]

ڕێژەی ڕاستیی: ڕێژەی گومان: /ب-/




ئەنجام

١- ناوی کرداریی لە فەرهەنگدا تۆمارکراوەو پێواژۆی شکاندنەوەی لە سینتاکسدا ڕوودەدات.

٢- کرداری کات و کەسدار لە سینتاکسدا بەرهەمدەهێنرێت، نەک لە مۆرفۆلۆژیدا.

٣- پۆلەڕەگەزەکانی شکاندنەوەی کردار (کەس و تاف و ڕوکار و ڕێژە) دابەشبونی تەواوکەرانەیان هەیە؛

کەس: تاک، کۆ

تاف: ڕابوردوو، ڕانەبوردوو

ڕوکار: تەواوبویی، تەواونەبویی

ڕێژە: ڕاستیی، گومان (ئینشائیی، دانانیی، فەرمان، داخوازیی....

سەرچاوەکان

١- ئەبوبەکر عومەر قادر، بەراوردێکی مۆرفۆسینتاکسی لە زمانی کوردی و فارسیدا، نامەی دکتۆرا(بڵاونەکراوە)، زانکۆی سلێمانیی، ٢٠٠٣

---

[25]- وەک ئەوەی پێشتر بۆ تاف دەگوترا (ڕابوردوو، ئێستا و داهاتوو)، بەڵام لێکۆڵینەوەکان ئەوەیان سەلماند، کە دوو جۆر تاف هەیە، ئەویش (ڕابوردوو، ڕانەبوردوو) و (ئێستا) هەربەشێکە لە ڕانەبوردوو.

[26]- بڕوانە (محەمەدی مەحویی: ٢٠١٦)

[27]- بڕوانە (مەحموود فەتحوڵا: ٢٠٠٤)

[28]- بڕوانە (محەمەدی مەحویی: مۆرفۆلۆژیی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکان: ٢٠١٠، ٢٥٨)

٢- بێستوون حەسەن ئەحمەد، کۆمەڵەوشەو پێکەوەهاتن لە زمانی کوردییدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی- کۆلێژی زمان، ٢٠١١

٣- عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، B، ژ.٣٨ (٢٠١٣)

٤- محەمەدی مەحویی، بنەماکانی سینتاکسی کوردیی، بەرگی یەکەم، زانکۆی سلێمانیی، ٢٠١٠

٥- محەمەدی مەحویی، شکانەوەی کردار،زانکۆی سلێمانیی، ٢٠١٠

٦- محەمەدی مەحویی، کاروان عومەر قادر، شیلان عومەر حسێن. دروستەی کردار، زانکۆی سلێمانیی، ٢٠١٠

٧- محەمەدی مەحویی، مۆرفۆلۆژیی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکان (مۆرفۆلۆژیی کوردیی)، بەرگی یەکەم، زانکۆی سلێمانیی، ٢٠١٠

٨- محەمەدی مەحویی، مەنامە- بەستانداردکردنی زمانی کوردیی/ دروستنوسیین، دەروازەی یەکەم، ئۆرسۆگرافیی، ٢٠١٦

٩- محەمەد مەعروف فەتاح، کارپۆلێنکردن بەپێی ڕۆنان، ڕۆشنبیری نویێ، ژمارە (121)، (1989).

١٠- محەمەد مەعروف فەتاح، دەربارەی ئەو مۆرفێمانەی، بەشداریی پێکهێنانی کردار دەکەن، ١٩٩٧.

11- ASPECTS OF THE VERBAL CONSTRUCTION IN KURDISH, WARIA OMAR AMIN, LONDON UNIVERSITY, HAJI HASHM PRINTING HOUSE, 2011.

12- The Tense and Aspect system in Kurdish, Mahmoud Fathulla Ahmad, A Thesis Submitted for the Degree of Doctor of Philosophy at The School of Oriental and African Studies, University of London. Linguistic Department. 2004.